# دارایی عێراق: لێدوانێکی ڕێباز حێملان سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی هێزەی کوردستان نادروستە

وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند، لێدوانێکی ڕێباز حێملان، یاریدەدەری وەزیری دارایی عێراق "نادروستە" و مامەڵەی بەغدا لەگەڵ موچەی فەرمانبەرانی هێزەی کوردستان هەمان مامەڵەیە کە لەگەڵ موچەی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی عێراق دەکرێت، دەشێت، "هێزەی کوردستان تاوێکو ئێستا هیچ داتایێکی تایبەت بە تەوتینی موچەی فەرمانبەرانی هێزەی کوردستانی لە سەرجەم بانکەکاندا رادەستی وەزارەتی دارایی نەکردوە".

وەزارەتی دارایی عێراق بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "لێدوانێکی ڕێباز حێملان، یاریدەدەری وەزیری دارایی عێراق سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی هێزەی کوردستان، نادروستە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، وەزارەتەکە "پیشەیییانە" مامەڵەی لەگەڵ موچەی فەرمانبەرانی هێزەی کوردستاندا کردوە و هەمان مامەڵەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و ئەو ڕێکارانەی کاری پێدەکرێت لەگەڵ هێزەی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.

سەبارەت بە دواکەوتنی موچەش لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، "دوبارەی دەکەینەوە و کە وەزارەتی دارایی هیچ پێیوەندییەکی بەو بابەتە نییە چونکە دەمانوێت بیارێکی دادگای فیدراڵی کە زیاتر لە

ساڵێک لەمەوبەر دەرچوە، جبەجێ بکەین، بەڵام تا ئێستا هەرەم هیچ داتایەکی نەداوەتێ وەزارەت سەبارەت بە خەجێیکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرەم لە سەرجەم بانکەکان".

ئەوەشی خستوەتەڕو، "هەکاری دواکەوتنی موچەی هەرەم بە جیاکردنەوەی ناوی ئەو فەرمانبەرانەیە کە ڕەوانەی خانەنشینی کراون بەیە وەک چارەسەرێک بە ئەو کێشەیە و بەبێ دواکەوتن، زیاتر لە 10 ڕۆژ لەمەوبەر وەزارەتی دارایی فیدراڵی تیمێکی فەرمانبەرانی وەزارەت لە ژەریاری، بودجە، ڕەوانە کردوە، بە کارکردن لەگەڵ هەرەم بەمەبەستی وردبینی لە لیستەکان و جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە ڕەوانەی خانەنشینی کراون بەپێی یاسای خانەنشینی ژمارە 26ی ساڵی 2019 وەک هەموارکراو، حیسابکردنی بڕە پارەکە لە دوایین زیادکردنی 100 هەزار دینار بە خانەنشینان و حیسابکردنی پاداشتی کۆتایی خزمەت، هەروەها لەدەرکردنی خانەنشینە کۆنەکان لەوانەی کە یاساکە دەیانگرێتەوە؛ کە ژمارەیان زیاتر لە 29 هەزار فەرمانبەرە".

وەزارەتی دارایی عێراق ڕونیکردوەتەوە، "هەزی پێشمەرگە کە بەشێکە لە هەزەکانی وشکانی فیدراڵی، وەزارەتی دارایی هەرەم موچەکانیان لە پشکی هەرەم دەدات، ئەوەش بوەتە هۆی کورتهێنان لە موچەی فەرمانبەران، دەبێت پێشمەرگە لەسەر وەزارەتی بەرگری عێراق موچە وەربگرن".

وەزارەتی دارایی عێراق دەشێت، "داوا لە هەرەم دەکەین کە ئەو کەسانە ئاشکرا بکات کە زیاتر لە موچەیەک وەردەگرن و یاساکانی هەرەم دەیانگرێتەوە، کەپیەیەکی ئەو یاسایانشمان ئامادەیە بکات بە ئەوەی مانگانە لە لیستەکان دورنەخرێنەوە".

وەزارەتەکە جەخت دەکاتەوە کە "پرسی بە نیشتیمانیکردنی موچە (تەوتین) زۆر پەویستە بە جبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و پشت نەبەستن بە لیستە کاغەزییەکان بە ئەوەی دەستبەجێ موچەکە بگاتە دەستی ئەو کەسانەی کە مافی خۆیانە، ئەوەش مافێکە کە بەپێی دەستور بە هەمو فەرمانبەرێک مسۆگەر کراوە، هەربۆیە وەزارەتی دارایی فیدراڵی زیاتر لە جارێک ڕونیکردوەتەوە کە هەکاری ئەم دواکەوتنە نییە، بەڵکو هەرەمە".

پەیوەست بە موچەی مانگی 12ی 2024، وەزارەتی دارایی عێراق دەڵێت، "وردبینی لە دروستبونی کێشەیەك تائێستا تەواو نەبوە، کە بەهۆی ئەو هەڵانەی کە لەلایەن ئەوانەوە (وەزارەتی دارایی هەرەم) کراوە، هەروەها فەرمانبەرانی بەشی ژەریاری لە وەزارەتی دارایی فیدراڵی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەت کار دەکەن لە هەرەم بە ڕاستکردنەوەی".